# تێربوون له دیموکراسیەت ..... بە ماکدۆناڵ کردنی دنیا..

**هۆشیاری عەبدولعەزیز**
hoshyarebdelaziz@yahoo.com



ئەگەر دیموکراسیەت ئەو پرۆسە فرە جەمسەرو ئاڵۆزە بێت کە لە خۆیدا خۆ خوێندنەوە بەرهەم دێنێ . ئەوە هاوکات ئیشکالیەتی داڕشتنەوەو دامەزراندنەوەش مەسەلەیەکی ئاڵۆزو پڕ گیرو گازەو ناکرێ بە بێ خوێندنەوەو ئامادە سازی دەستی لێوەردرێ . چونکە لە بنەڕەتدا کەڵەجەری دیموکراسیەت کەڵەجەرێکی ڕاوێژکاری بەردەوامەو بە بێ بوونی سترۆکتۆری پرۆسەی ڕاوێژو شیکاری دەورووپشت ئیمکانی بەرجەستە بوون و وەبەرهێنانی دیموکراسیەت گەمەیەکی بێ مانایەو دوا جار تێك دەچێ و لە تێك چونیشیدا پرۆسەی ڕاوێژ کە ڕۆڵێکی کاراو بەرچاوی هەیە لە پێکهاتەی گشتی کۆمەڵگادا توشی لەبەریەکترازان و هەڵوەشانەوە دێت و ناتوانرێ ئایندەیی لە سەر بونیاد بنرێ . واتا دیموکراسی لە کۆمەڵگایەکدا پێناگرێ گەر ئەو کۆمەڵگایە کار لە سەر ئەزموونی خودیی دیموکراسیەت نەکا لە نێو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا کە هەوڵێك لە ئارادایە بۆ دیموکراتیزە کردنی خودیی دیموکراسی . بەڵام بە پێچەوانەی ئەم دیدەوە دیدێکی ئەمریکی هەیە کە پێی وایە دیموکراسیەت وەك تێزێکی کراوەی سەردەم دەتوانێ لە هەموو جێگایەکدا جێگەو ڕێگەی خۆیی بکاتەوەو وەك پرۆسەیەك ببێتە ئەڵتەرناتیڤی سیستەمی دەسەڵاتی داخراو،ئەم تێڕوانینەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە دیموکراسیەت پرۆسەیەکی مێژوویی پڕ بایەخەوەو لە تەوزیفکردندا تەنوانێ سنورەکان ببەزێنێ ودواجار شکست بە بەزۆر لەو تێزە چەسپیوو وداخراوانە بێنێت کە زۆرێك لە کۆمەڵگاکان وبە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناویین گیرۆدەی بووە. بەمەش دەوترێ دیموکراسیەتی ئەمەریکی وەك ئەوەی کە ئێستا لە جیهانی ئێمەدا دەبینرێ وبۆتە مۆدێلێکی بە چاو، کە دیموکراسیەتێکی بەردەوام لە پرانسیپی خۆیی لادەدات و هەوڵدەدات بە جۆرو شێوازێکی تر خۆیی بنوێنێ و زیاتر خۆی لە بازنەو چوارچێوەی بەجیهانب بووندا بگرێتەوە، چونکە بە جیهانی بوون باشترین ڕێگەیە کە بۆ گواستنەوەی ئەو بنەماو ستراکتۆرە ریشییانەی کە ئەمەریکا کاری لە سەر دەکات و هاوکات هەنگاوێکیشە بۆ بە ماکدۆناڵد کردنی دنیاو گواستنەوەی ئەو سیستەمەی کاری لە سەر دەکرێ. ئەم سیستەمە هەڵگری تێڕوانینێکی پێچەوانەی تێڕوانینی سیستەمەی سیاسی خۆرئاوایەو بەشێکە لە داڕشتنی خودی ئەمەریکا، لەم گواستنەوەیەدا کە ئەمەریکا کاری لە سەر دەکات ڕووکارێکی دیموکراتیانەی پێ بەخشراوە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا پەیوەستە بە ململانێکان لە سەر پاوەن کردنی جیهان و باشتر بە ڕێوەچوونی ئەو مۆتۆرەی کە ئێستا بە دەستی ئەمەریکاوەیە، ئەمەریکییەکان پێیان وایە لە ڕێگای ئەم هەنگاوەوە دەتوانن نەخش وکاریگەری خۆیان لە سەر ئەکتیڤ کردنی پرۆسیسی تێهەڵکێشی ئابووری وبەستنەوەی سوود وقازانجە سەرمایە گوزارییەکان لە جیهاندا بە خزمەتی خۆیان دابنێن.چونکە لە بنەڕەتدا ململانێکان لە واقیعی بەرجەستە بوونی ئەو قەیران وتەنگژانەدا کە ئەمەریکا قسەی لە سەر دەکات پەیوەستە بە سروشتی خودی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی و یاساکانی پەرەسەندنەوەو تەنانەت پەیوەندییە ناکۆك وئاڵۆزەکانی نێوان ناوەندە ئابووریە زەبەلاحە جیاجیانیش پەیوەستن بە هەمان یاساوە کە ئاماژەمان بۆی کرد. ئەم ململانێ سەخت ودژوارەش چەندین ڕووی لە یەك گرێدراوو لە یەك جیایی ئابووری و سیاسی وکۆمەڵایەتی و سەربازی وفەرهەنگی هەیە و کار لە سەر پنت وبنەماکانی سیستەمی پاوانکاری و مۆنۆپۆڵ دەکات و دەیەوێ لێرەوە بگاتە ئامانج.

دیارە بە جیهانی بوونیش کە یەکێکە لە چەمك وبنەما بنچینەییەکانی تێگەیشتنی جیهانی ئەمڕۆ گوزارشتکردنە لە هەناوی پڕ لە کێشمەکێش وململانێی خودی سیستەمی سیاسی سەرمایەداری بۆ خۆی بووەتە بابەت ومەسەلەیەکی گرنگ و ڕەهەندێکی جیهانی گەورەی وەرگرتووە بە تایبەت لە ڕووی یەکخستنی سەرمایە گوزاری و گەشەی ئابوورییەوە، ئەمە جیا لە پێکەوە بەستنی جیهان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیایی نوێ وئەو سیستەمە زانستیانەی کە بە دەستی سیستەمی سیاسیەوەیە و

زۆرتر خزمەتی خۆیانی پێدەکەن، ئەمەش لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووریە لە رادە بەدەرەکان و ئەو سیاسەتە ستراتیژییانەی کە ئەمەریکاو بەشێك لە هاوپەیمانەکانی کاری لە سەر دەکەن . ئاشکرایە دەست بردن بۆ ئەم مەسەلەیەش واتا بە جیهانی بوون یان جیهاندنی سەرمایە کارێکی ئاڵۆزو فرە لایەنە و لە هەمان کاتیشدا یەکێکە لەو کێشە فیکری وسیاسیانەی کە لە ئێستادا جێگای مشت ومڕو قسەیە، ئەم مەسەلەیە بێنە وبەرەیەکی بابەتیانەی زۆری هێناوەتە ئاراوەو بووەتە جێگەی لێدوان وگفتوگۆ و هەوڵدان بۆ نرخاندنی وکرۆك وقەوارەی مەسەلەکە. کێشمەکێش وململانێکان وەك چۆن مارکس قسەی لە سەر دەکات ئاوا لە ئێستادا لە پەرەسەندن و گەورە بوونەوەدان وپێدەچێت بنچینەکانی ئەو راڤەکردنەی مارکس بۆ سیستەمی سەرمایەداری لە ئێستادا باشتر بەدەر کەوتبن وبوبێتنە مەسەلەیەکی گرنگ، چونکە سیستەمی سەرمایەداری کە ئێستا ئەمەریکا بە پلەی یەکەم جڵەو کێشی دەکات زیاتر لە ئاڵۆزی وبێنەوبەرەی ململانێی ئابووریدان وهەر یەکەو لەو ناوەندییە ئابووریە زەبەلاحانەی ئاماژەمان بۆکردن دەست لەم مەسەلەیە وەردەدەن، هەرچەندە رەنگە بە بەراورد لە گەل رابردوو لە هەندێ حاڵەتدا گۆڕانکاری بە سەر شێوەو شێوازیاندا هاتبێت بەلاّم لە ناوەڕۆکدا کۆرپەی مناڵدانی هەمان سیستەمی سیاسین کە لە رابردوودا جڵەو کێشی شەڕو ململانێ جیهانییەکانیان دەکرد. واتا کێشەکە جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە و بگرە پێچەوانە کێشەیەکی زیندوی هەنووکییە و بووتە مایەی دیسان ئاڵۆزی و ململانێی گەرم، چونکە ئەو میکانیزمەی کە گرفتە سەرەکیەکەی تێیدا بە دیدەکرێ هەر ماوەو ئەوەیش خویی لە سیاسەتی کۆنترۆڵکاری مۆنۆپۆڵی جیهانیدا دەبینێتەوە و چەندین پرسیاری جۆراوجۆر بەرهەم دێنێ لەوانەش: ئایا بەرهەم وقازانجی ئەم ململانێ وکێشمەکێشە بەرەو کوێ ئەڕۆن؟ ئامانج ومەبەست لە درێژەدان بەم مەبەستە چییە؟ چۆن دەتوانرێ مامەڵە لە گەل ئەو هەل ومەرجە نوێیانە بکرێ کە دێنە ئاراوە؟ ئەمانەو زۆری تریش کۆمەڵە پرسیارێکی گرنگن ودەکرێ هەڵوێستەیان لە سەر بکرێ . بەبڕوام هەڵوێستەکردن لە سەر ئەم بابەتە بۆخۆیی مەسەلەیەکی گرنگەو دەکرێ وردەکارییەکانی بخوێندرێتەوە، چونکە سیستەمی سەرمایەداری بەتایبەت ئەمەریکا لە هەوڵی بە ماکدۆناڵد کردنی دنیادایەو دەیەوێ لەو رێگەیەوە ئەو شێوە فۆرم ونێوەڕۆکە دیموکراسیە پێچەوانە بکاتەوە کە ئێستا خۆی کاری لە سەر دەکات و بەشێکی زۆریشی گرێداوە بە ئابووری سیاسی وشێواندنی لایەنی فەرهەنگی ولاّتانی رۆژهەلاّتی ناویین یان جیهانی سێیەم. واتا بە شێوەیەکی گشتی توانیوێتی لە رێگەی بەرهەمهێنانی بازاڕی ماکدۆناڵدەوە تێڕا ئەو سیاسەتتەی خۆی گشتاندۆتە سەر بازاڕی جیهاندا، بەمەش پرۆسیسێکی نوێی خولّقاندووە بۆ زیاتر بەرهەمهێنان و قازانجی زیاتر لەو سەرچاوە ئابووریانەی کە ناوچەکە تا ئێستا بە شێوەیەکی گشتی نەیتوانیوە سوود لە بنەماکانی بە دەست بێنێ. ئەم لێك گرێدانە بە لای ئەمەریکاوە باشترین رێگەیە کە بۆ کۆنترۆڵکردنی تەواوی سیستەمی سیاسی ناوچەکەو ئەو بەروبوومە ئابووریانەی کە دەتوانرێ بە زۆر شێوەی تر سوودیان لێ ببینرێت، بۆ نموونە دروستکردنی گۆڕانکاری لە سیستەمی ئابووری عێراق وهەڵوەشاندنەوەی بازاڕەکانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو لە رۆژهەلاّتی ناویین یەکێکە لە بابەتە سەرەکیەکانی ئەم پرسەولە جێگایان کوتاڵ وکەل وپەلی خۆیی ساغدەکاتەوە وەك ئەوەی کە لە ئێستادا کۆمپانیای بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلی (شۆڤرلێت) دەیکات لە ناوچەکە باشترین بەڵگەی ئەم لێکگرێدانەیەو دەکرێ بە هەنگاوی یەکەم بیژمێرین بۆ قۆرخکردنی بازاڕەکان. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم سیاسەتەی ئەمەریکا ئاماژەیەکی راستەوخۆشە بۆ پرۆسیسی تێهەڵکێش کردنی ئابووری جیهانی وبە چنگ کەوتنی داهاتی لە رادەبەدەرو بە هێزکردنی پایەکانی ستراتیژیەتی خۆیی، هاوکات دەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە پرۆسەی بە جیهانیکردنی ئەمەریکا و گواستنەوەی بەرهەمی بازاڕەکانی تەنها لایەنێکی بچووك نییە وبە پێچەوانە چەندین رووی جیاوازو لێکگرێدراوی هەیە و هەوڵێکە بۆ باشتر بە دەستهێنانی قازانج، بەلاّم ئەوەی لە هەمووان پێشترو دیارترو پڕ بایەختر بێ لایەنە ئابووریەکەیەتی کە پابەندە بە کۆمەڵێك هۆکاری ریشەیی ئەم سەردەمەوەو دەکرێ ببێتە مایەی مەترسی لەبەر یەك ترازان وهەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستەمە سیاسیانەی کە لە ناوچەکەدا بوونیان هەیە. چونکە ئەمڕۆ بە بێ هیچ گرێیەك ئەو سیستەمە نوێیەی کە ئەمەریکا بانگەشەی بۆ دەکات وپرۆسەی لەیەك گرێدانەکە دوو فاکتەری سەرەکەین بۆ ئەوەی سیستەمی تاك جەمسەری هەوڵ وکۆششەکانی یەك بخات و دەست بۆ هەموو لایەك رابکێشێت وهەموو هاوکێشەکان

بگەیەنێتە ئاستی لە بیرچوونەوەو پەراوێزخستن وەك ئەوەی كە ئێستا عێراقی گرتۆتەوە. لە تەك ئەمەشدا كار لە سەر گواستنەوەی بازاڕی بەناو ئازاد بۆ خۆیی دەكات دەیەوێ لەم ڕێگایەوە دەست بە خۆدا هێنانەوە بكاتە ئامانجی بنچینەیی و لە سەر ئەرزی واقیع كاری لەسەر بكرێ .

مۆدێلی سیستەمی نوێی ئەمەریكی لە ناوچەكەدا ولە ژێر پەردەی دیموكراتیزەكردنی خودی دیموكراسیەتدا بۆتە حاڵەتێكی پێویست زۆر لە ناوەندە سیاسی ورۆشنبیرییەكان بە بێ گەڕانەوە ئەرای بنەماكانی بەرجەستە بوونی ئەو مۆدێلە بانگەشەی بۆ دەكەن، دیسان لە تەك ئەمەشدا كۆمپانیا فرە رەگەزەكان كە بەشێكی زۆری مۆتۆری ئەمەریكیین و بە پێی سیاسەتی ستراتیژی ئەمەریكا نەخشی خۆیی دەكێشێ بوونەتە هۆكاری قۆرخكردنی بازاڕەكانی ناوچەكە و لە ڕێگەی سیاسەتی مۆنۆپۆلكارییەوە كار لە سەر ئەم مەسەلەیە دەكەن. دیارە تازەترین ڕێگەش بۆ دەستێوەردانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناویین و بە تایبەت وڵاتانی كەناری خەزەر یان(قەزوین) تێهەڵكێش كردنی لایەنە ئابووریەكەیەو ئەم تێڕوانینەش لە سیاسەتی بە ماكدۆناڵد كردنی  دنیایی ئەمەریكادا باشترین ئامرازێكە بۆ خۆسازدان و پڕكێشی كردنی زیاتری چونە ژوورەوەو كارلێكردنی ئاڵوگۆڕە مەبەستدارەكان وەك ئەوەی پێشتر لە ئەفغانستان روویی داو ئێستاش بە دەوری ئێراندا دەسوڕێتەوە، ئەمەش كارێكە بە هەموو شێوازەكانییەوە لە بەرژەوەندی سیاسەتی ستراتیژی ئەمەریكاو تێهەڵكێشی ئابووری دایەو بەردەوام بە پلان پرۆژەی نوێ كاری بۆ دەكرێ. ئەم پرۆژە نوێیە وادەبینرێ كە یەكەمین هەوڵدانە بۆدیسپلین كردنی پایەكانی ئەو تێهەڵكێشە ئابورییە جیهانیەی كە ئەمەریكا ڕابەرایەتی دەكات و لە بەرانبەریشدا دەیەوێ بەردەوام بڕی زۆرینەی قازانج بكەوێتە دەستی وبتوانێ لە ڕێگەیەوە كار لەسەر بە ماكدۆناڵكردنی دنیا بكات ،  چونكە ماكدۆنالد یش وەك كۆمپانیایەكی زەبەلاح پەیوەندیەكی ڕیشەی هەیە بە پرۆسەی بەجیهانی كردن و ئەوسیستەمە نوێیەوە كە خۆیی لە دیموكرتیزە كردنی دنیادا دەبینێتەوە و دیسان ئەمیش پەیوەستە بەئاڵوێر وكاری سەرمایە گوزاریەوە و راستەوخۆ لەم پرۆژە تازەكیەدا كە ئەمرۆ ئاماژەی پێدەكرێ كۆمپانیا فرەڕەگەزەكان پشت بە دەوڵەت دەبەستن و كاری پێ دەكەن. بەڵام لەو لاشەوە پێیان وایەگەر دیموكراسیەت وبازاڕی ئازاد نەبێت ئەوە دەوڵەت لە سەر شێوەمۆدێلی ڕۆژهەڵاتی یەكەی فاكتەرێكی سەرەكی نییە بۆ ئەم پرۆژانە و بەڵكو هۆكارێكە بە دەستیانەوە بۆ هەڵسوڕاندن و بە ئەنجام گەیاندنی كارەكانیان وناتوانن بە باشی كار لە سەر بنەماكانی كۆنترۆڵی قازانج بكەن . ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە ئەمەریكا لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە كار بۆ ئەوە دەكات سەرجەم بازاڕەكانی جیهان لەبەردەم خۆیدا والآكات و كارنامەیەكی پاوانخوازی بەسەر كۆمپانیا جۆراوجۆرەكانیاندا بسەپێنێ. ئەمەش وادەكات زۆر لەوڵاتانی گیر خواردووی نێو سیاسەتی دوو فاقانەی ئەمریكا حاڵی نەبوانە مامەڵە بۆ خۆگونجاندن و هاوتەریب كردنی بەرژەوەندیەكانیان بكەن لەگەڵ ئەو پرۆژە نوێیەی كە هەوڵی تێهەڵكێش كردنی ئابوری جیهانی دەدەن و لە هەمان كاتیشدا دەكەونە هەڵپە و هەڵچوونی ناردنە دەرەوەی كاڵاووكەل وپەلەبازرگانیەكانیان و دەیانەوێ هەرچۆنبێت تێكەڵ بونی خۆیان بەو ستراتیژە بسەلمێنن ئەمەش لەنێوچوارچێوە و سیمای تایبەت مەندێتی ئەو پرۆسەی بەناو نویگەریكردنەی كە ئاماژەمان پێكرد بەو ئاراستەیەی ئەمە ئەرك و توانای خۆ رزگاركردنە لە قاوغی گۆشەگیری و دەلالەتە لە پێشكەوتن و هەنگاونانە بەرەو بەشارستانی كردنی كۆمەڵگاكان لەسەر ڕێچكەی شارستانیەتی خۆرئاوا. ئەمەش باشترین دەرفەتێك دەخولقێنێ و پتر رێگە خۆش دەكات بۆ زیاتر زاڵبوونی سیاسەتی مۆنۆپۆڵكردن (أحتیكار) و پراكتیزەكردنی دەسەڵاتی پاوانخوازی بەبێ هیچ بەرەنگار بونەوەیەك و بەبێ گوێ دانە رەوشی مەرزی سیاسی ئەو وڵاتانە ، دەكەوێتە هەنگاو هاویشتن و گرێ دانی ژێرخانی ئابوری. جگەلەوەی كە دەبێتە مایەی شێواندنی ناراستەوخۆی پرۆسیسی گەشەی سروشتی لەو وڵاتانە ، هەوڵیش دەدات بۆ بەچنگ هێنانی قازانجی لەڕادەبەدەر و دروست كردنی قەیرانی جۆربە جۆر و هەڵئاوسانی باری ئابوری و چەندانی دیكەش.. بەم پێیەش لەماوەی دە ساڵی رابردوودا زۆرتر لە (50) كۆمپانیای (22) وڵاتی جیاجیا و ئەمریكاش لە نێویاندا سەرمایەیەكی بەمەزەندە (3)تریلۆن دۆلاریان لەسەر  سەرچاوە نەوتیەكانی دەریای خەزەر داناوە ئەمەش بە بڕوایی شارەزایان بەرزترین ئاماری چاك سازی كۆمپانیا فرەرەگەز و هاوبەشەكان دەژمێردرێ و دەتوانن نەوتی خاوو بگەیەننە بازاڕە جیهانیەكان، بۆ گواستنەوەی ئەمەش تا ئێستا بەلانی كەم

چەندین ڕێگە دەست نیشان کراوە ، بەڵام ئێران لەم نێوەندەدا وەك پردێكی نزیك دەبینرێ بێ گومان هەوڵێكی جدیش لە ئارادان بۆ قۆستنەوەی ئەو پردەكە دەتوانێ بەسانای تێ هەڵكێشی ئابوری خۆرئاواو وڵاتانی كەناردەریای خەزەر (قەزوین)بكات جگەلەوەی كەئێستا لولەی نوێ لە كازاخستان بۆ باكوری چین و لەتوركمەنستان بۆ ئەفغانستان و لەوێشەوە بۆ پاكستان بەرهەمە نەوتیەكان دەگەنە بازاڕەكانی جیهانی ئاسیا.. دیارە وابەستەبوون و خۆنزیك كردنەوەی ئەو وڵاتانەش بۆ نێو بازرگانی نێو دەوڵەتی و گرێ دانی چەمكی تێكەڵاو بوون و یەكگرتنی لەپێناو پتەوكردنی توانستی مانەوەو گەشەكردن لەناو مەرجە نادروستەكانی بە جیهانی كردنی دیموكراسی وماكدۆناڵی ئێستادا..وەك فاكتەرێك دەردەكەوێت كە هەركۆمپانیایەك لەوانە نەتوانێ بچوكی خوی بپارێزێ لە بەرامبەر تەوژمی كۆمپانیا فرە ڕەگەزە جیهانیە كان چونكە زۆرترین كۆمپانیا یان لەو چەشنە تەفرو تونا كردوە و ناسنامەی راستی یان سڕیوەتەوە و بە تەواوی كنترۆل كراون..لەلایەكی تریشەوە بیركردنەوە لە فەراهەم كردنی كۆمپانیا مۆنۆپۆڵە زەبەلاحەكان و پرۆسەی بەجیهانی كردنەكەیان گەڕاندۆتەوە بۆدۆزینەوەی ڕێگەكانی دیی كەنەوت بۆهەرێمی دەریای ناوەڕاست و بازاڕەكانی خۆرئاوا دەگوێزنەوە وەك لولە نەوتەكانی ڕوسیا كە نەوتی خاوو لە كازاخستان و ئازەربایجان بۆبەندەری(نفرۆسیسك)لە دەریای ڕەش دەگوێزنەوە ئەمەش ساڵانە مەزەندە دەكرێ بەیەك تریلیون و نیودۆلار..دیارە سەڕای ئەو داهاتە لەڕادە بە دەرەش هێشتا جیهان لەقەیرانێكی ئاڵۆزو هەڵئاوسانی بێ كاری ونزمی ئاستی گەشەسەندن دا دەناڵێنێ..هاوكات برسێتی دژوارتر دەبێ و جە نگە مەزهەبگەرایەكان ، ململانێ ناوخۆی و تایفەگەرییەكان دەتەقنەوە و شێوازەكانی دەست تێوەردانی بێ شەرمانە لە كاروبارە ناوخۆیەكاندا لەپەرەگرتندایە و تادێ مافیاكان دەسەلاتیان بەسەر ژیانی گشتی دا زاڵ دەبێ. بەمەرجێ ساڵانە دراوێكی بێ شومار دەچێتە بانكەكانی ئەو وڵاتە زلهێزانەوەو بە شتی لاوەكی و بێبەهاوە فەرهود دەكرێ لەلایەن مۆنۆپۆلەكانی دەوڵەتانی سەرمایەداری پەرەسەندووەوە . كۆمپانیا فرەرەگەزەكان وەك ئاماژەی پێ كرێ لە سەرتاپای جیهاندا چالاكیەكانیان بەلەپەراوێز نانی وڵاتە تازە پێگەیشتوەكان بەردەوامەو دەسەڵاتیان بە هیچ شێوەیەك ناكەوێتە ژێر سانسۆرو پێوەدانگە نێوو دەوڵەتیەكانەوەو بەسانایی دەتوانن رەواج بە بەرهەم و داهاتی ساڵانەیان بدەن و دەست بە بەرفراوان كردن و بنیات نانی كۆمپانیای نوێ بكەن. لە چوارچێوەی هەمان پرۆسەدا كەبەرژەوەندیە ئابوریەكان تێ هەڵكێش دەكات، وابەستەی ئەمریكاش بە پرۆسەی دیموكراسی و دیموكراتیزەكردنی لە تەواوی ئەم ناوچەیە بۆخۆیی بەشێكە لەو هەوڵە ئابوریەو بەنیازە قازانجی زیاتری چنگ كەوێ . چونكە بەلای ئەمریكاوە دیاردەیەكی واكە بتوانێ سیستەمی ئابوری جیهانی هەنوكەی پێ بناسرێتەوە دیاردەی گەردونی كردنی پرۆسەی دیموكراسیە و وەك پرۆژەیەك دەبینرێ كە تەواوكەری پرۆژەی تێ هەڵێش كردنی ئابوری نێودەوڵەتیە و دیاردەو نەریتەكانی ژیان لە نێوان خۆرئاواو خۆرهەڵات دا گرێ دەداو ڕاستەوخۆش دەبێتە یەكەم دەزگای پەرەسەندوو بۆ گرێدانی ئەو پەیوەندیە و بۆ ئەمەش خودی ئەمەریكا لەسەر هەمان رێچكە هەنگاوی گەورەی هاویشتوەو ئێستا لە پشتگیری كردنی هاوبەشە ئابوریەكانی دایە وكار لەسەر ئەو لایەنە دەكات . ئەمەش بەلای ئەمریكاوە گرنگترین هەنگاوە بۆ زیاتر پراكتیزەكردنی تواناو رەسەنایەتی خۆی بۆ دڵنیابوونی لەوەی كەسەرچاوەی (وزە)پتر دەكەوێتە چنگی و بۆ خۆی مامەڵەی پێ وە دەكات لە بازاڕی ئازاددا.. كازاخستان و توركمەنستانیش كە ناومان هێنان بەجیاكە هەردوو هاوسنورن لەگەڵ ئێران ئەیانەوێ رێگایەك بكەنەوە بۆ فرۆشتنی نەوت و گازی كەڵەكەبوو لەبازاڕەكانی جیهاندا ، پێشتری ئەو ساڵیش ئەمریكا كاردانەوەی خۆی نواند و لەراپۆرتێك دا زۆر بەتوندی ئیدانەی پرۆژەیەكی نەوتی كازاخستانی كرد كە بەنیازە بەسەر ئێراندا تێپەڕ ببێ، بەمەرجێ بەشێكی گرنگی كارنامەو پرەنسیپی كۆمپانیا گەردون گەرایەكان لەوەدایە كەبەهەرچەشنێك بێت دەبێ داهاتی ساڵانەی گشتگیریان بگاتە بازاڕەكانی جیهان، چونكە وەك تاكە بازاڕێك سەیری بازاڕی جیهان دەكەن، بۆ یە ئەمریكا ئێستا لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستەی كە ساڵی 1997 گرتبویەبەر پاش گەزبوەتەوەو لەنامەیەك دا بۆ سەرۆكی كۆمپانیا فرەرەگەزەكان كە بەشێكی كازاخستانی گرتۆتەوە سەرۆكی ئەو وڵاتە ئاماژەبەوە دەكات . كە ئەمریكا تائێستا هەڵوێستی روونی نەنواندوەو رەنگە لەیاندەدا ئەو كارە ئەنجام بدات بۆ ئەوەی بتوانێ زۆر بەوریایەوە خۆی لە مەسەلە ئاڵۆزەكان نزیك بكاتەوە بەو مەبەستەی لە خزمەت بەرژەوەندیە هەمەچەشنە ئابوریەكانی كۆمپانیا

فرەرەگەزەکاندا بێ و لەچوارچێوەی پرۆسیسی تێکهەڵکێشی جیهانیی بەدەرنەبێ چونکە بەچنگ گرتنی ئەو لایەنەی کاڵا جۆربەجۆرەکان زیاتر بەرەواجدەبن بەتایبەت لە بازاڕەکانی جیهانی سێ یەم دا ، تورکیاش هێشتا بەڕوونی خۆی یەکلا نەکردۆتەوە کە لەپاشەرۆژدا ئەبێ پەیوەندی چۆن بێ لەگەڵ ئەو کۆمپانیا جۆراوجۆروجیاجیا یانەی دەریای خەزەردا کە هەنۆکە لەکاری بەرهەم هێناندان. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەمریکا ئەیەوێ تەماشایەکی هەڵسوکەوتی قەوارەی سیاسەتی ئێران بکات و بەپوختی هەڵسەنگاندنی لەبارەوە ئەنجام بدات بۆ ئەوەی گەر لە داهاتوو ئاڵوگۆڕی لە سێستەمی سیاسی ئێراندا بەرجەستەکرد بتوانێ بە باشی کۆنترۆڵی ئەو لایەنە ئابوریە بکات کە ئێستا لە ناوچەکە کاری لە سەر دەکەن .

بۆیە گەر لێرەوە سرنج لە مەسەلەکە بدەین و تەماشایەکی هەوڵ و کۆششە ستراتیژیەکانی ئەمریکا بکەین دەبینی ئەمەش هەنگاوێکە لە چوارچێوەی سیستەمی نوێ و پرۆسەی بە ماکدۆناڵ کردنی دنیاو و تێکهەڵکێش کردنی ئابوریدا کار بۆ بەردەوام بوونی پرۆسیسی بەرژەوەندیەئابوریەکانی خۆی دەکات لەناوچەکەداو باشترین رێگاش کە بیری لێ کرابێتەوە تەنها ئێرانە. لەم بوارەشدا کازاخستان هەوڵێکی فراوانی داوەو خۆشی لەئێران نزیك کردۆتەوە بۆهەمان مەبەست. ئەمانەو زۆری تریش هەوڵ و تەقەلای ئەو پرۆسەی بەجیهانی کردنەی ئابوریە کە خۆیی لە کەوڵی بە دیموکراسی بووندا نیشان دەدا و واش مەزەندە دەکرێ ساڵانە 4 تریلیۆن دۆلار داهاتی هەمیشەیی ئەو هەوڵە ئابووریەیە و ئەمەش بوەتە هۆی سەرقاڵ کردنی ئابوری جیهانی و قەیرانی جیاجیا لە نێو خودی ئەو وڵاتانەدا. چونکە ئەمە لەدیدی ئەمریکاوە باشترین رێگە خۆشکەرە بۆ زیاتر پاراستنی بەرژەوەندیەکانی و بە فاکتەرێکی عەقڵانیشی دەزانی بۆ ئەوەی لەناوچەکەدا باشترین تێڕوانین بەکار بێنێ و بتوانێت گەشە بە سیستەمی سەرمایەداری بدات و لەگەڵ پێشهاتە هەنۆکەییەکان و کێشمەکێشە نوێیەکاندا خۆبسازێنێ و ئەگەرەکانی لاوازبوونی خۆی بەلاوە بنێت ئەمە جگەلەوەی بۆ زیاتر خۆوەردان لەم مەسەلەیە و نەبوونی بەرامبەرێکی راستەوخۆی بەهێز دەست بڵاوانەتر داوا لە وڵاتانی ئاسیادەکات کە لەرێگەی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ کار بۆئاسان کردن و بەگڕخستنی ئەو مۆتۆڕە بەناو جیهانی یە بکرێ و ئەم پرۆژەیەش لە بنەڕتدا بە پردی ناوچە ناودەبرێ ، پردی ناوچە لەودا خۆیدەبینێتەوە کە خۆرئاوا پێویستی بەلولەیك هەیە کە بەبن دەریای خەزەردا رابکێشرێ و لەکازاخستان و تورکمەنستانەوە سەرچاوە بگرێ تا دەگاتە ئازەربایجان و لەوێشەوە بەنێو خاکی گورجستاندا تێپەڕ بکرێ بۆ بەندەری جەیهان لەباشوری تورکیا.. بەڵام لەراستی دا. ئەمە بەلای ئەمریکاوە پێشنیازێکە بۆ دەست نیشان کردنی رێگەی دووەم لەمەڕ پڕکردنی بازاڕەکانی جیهان لەنەوت و گازی خۆڕسك. ئەیگینا بە پێچەوانە ڕێگەی یەکەمی ستراتیژی ئەو ئەوەیە چۆن سترۆکتۆرە ڕیشەیەکانی سێستەمی سیاسی ئیسلامی ئێران هەڵوەشێنێتەوەو هاوشێوەی عێراق خۆیی ببێتە کەڵەگایی یەکەم ، کە ئەمەش لە لێکدانەوەی سیاسەتی ستراتیژی ئەمەریکادا ئەرکی پلە یەکەو ناکرێ پەراوێزخرێت .چونکە ئێران یەکەم رێگە بۆ ئەو مەبەستەو دەبێ خۆیان لە سیستەمێکی ئاڵۆزی وادا ببیننەوە کە بتوانێ ئاڵوگۆڕی نەوت لەناوچەکەدا بکاتە تاکە فاکتەری کۆنترۆڵکردنی دەزگا ریشەیەکانی ناوچەکەو تێکشکان و لەناوچونیان. ئەوەش بەنەخشەیەکی واکە نەوتی خەزەر رەوانەی پاڵاوگەکانی باکوری ئێران بکرێ و بەرامبەر بەوەش ئێران بەنرخی ئەوەند نەوتەی کە پاڵاوگەکانی پێ دەئاخنێ. نەوت و گاز لەباشوری خۆی بفرۆشێتە بەندەرەکانی کەنداوی فارس و لەوێشەوە بگاتە دەستی بازرگانە جیهانیەکان.. بەو هێوایەی کە بتوانن بەوە. پەرەسەندنی سەرمایەداری بکەنە بنەمایەکی حەتمی بۆ ئەوەی هەر لەئێستاوە بازاڕە جیهانیەکە قەڵەمبازێکی ئەو تۆ بەخۆوە بگرێ تا رووبەڕووی گوشاری لەوە زیاتر نەبێتەوە لە ناوەوەو لە دەرەوەش .. ئەگەر چی تێۆرەکەش بەناوەڕۆکێکی فشۆڵەوە بێتە مەیدان و کار کردە گەشتیەکانی بنەما ئابوریەکان بێمەتمانەش بێ بەڵام باشتر وایە لە ئارادابن و کاری پێ بکرێ .. ئەمە کرۆکی ئەو لێکدانەوەییە کە سەرمایەداری جیهانی و بەتایبەت ئەمریکا ئەیەوێ ئاراستەی گۆی زەوی بکات و بیکاتە میکانزمی پاڵپشتی کردنی پرۆسەی (دیموکراتیزەکردنی دیموکراسیەت ) چونکە ئەوەی ئێستا دەکرێ بۆخۆی بەشێکە لەو کارکردە ترسناکەو دەیانەوێ لە ڕێگەی شتێکی ترەوە ناوبانگی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان لەچوارچێوەی خودی سێستەمی بەماکدۆناڵکردندا بکەنە ئامرازێکی تازەو رەونەق بەسیمای دزێوی بدرێ.. ئەم بۆیە کردن و رەونەق پێدانەش بۆ چەواشە کردن و ئاوەژوو کردنەوەی راستیەکانە.

بەوەی کە کۆمپانیا فەرەڕەگەزەکان لە پرۆژە گەردونیەکانیاندا هەوڵی ئازادکردنی کالآیاندا وەو لە هاتوو چوون دان لەنێو بازاڕە پیشەسازیە گەورەکان و بە تایبەت لەبازاڕەکانی جیهانی سێ هەمدا. بەم کارەش مامەڵە ئابوریەکانیان دەکەوێتە چوارچێوەی رەهایەوەو سەرجەمی ئەو ئابوریە بەهێزانە بۆ خۆیان هەڵدەمژن و دەکەوێتە چنگیان. بۆ نمونە مەزەندە دەکرێ کە (50) ملیۆن دۆلارلەو کۆمپانیا فرە رەگەزەی کە (22) وڵات تێیدا خۆیان بەرجەستەکردوە.. خەرج بکرێ و چەندین ساڵ بخایەنێ بۆ گەڕانەوەی سەرمایەکەی .. بەڵام بەگشتی ئەم کۆمپانیا گەردونیانە کە سەرەتا وروژندمان بەرەوالەت چاك سازی ئەو ناوچەیەو پتەوکردنی ژێرخانی ئابوری لە ئەستۆیانە ... بەڵام ئەمە لەراستی دا تەنها شێوازێکی شەکلی وەرگرتوەو لەناوڕۆکدا پێچەوانە دەبێتەوە چونکە ئامانجی سەرەکیان تێهەڵکێش کردنی ئابوری جیهانیە و پاشەکەوتەکەی هەزاران میلۆن دۆلار دەبێ و کارکردەی ئەمەش داهاتی خودی ئەو وڵاتانەیە. لەلایەکی تریشەوە بۆچوونی زۆر لە شارەزایان وایە کە رەنگە بەرێژەی لە 10٪ی داهاتەکانیش چنگی ئێران بکەون ئەمەش کێشمەکێش و ململانێ یەکی توندی لەنێوان پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی بەشداربووی ئەو کۆمپانیایەدا خولقاوە بەوەی کە ئێران بەبێ بەشداربوون تەنها لەرێگەی گواستنەوەی نەوتەوە ئەو رێژە داهاتەی بەچنگ دەکەوێ. بەم شێوەیەش کێشەکە لە تەشەنەکردندایە و گریمانەی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی ئەو پرۆژە گەردونیەش نزیکە.

ئەوە سەرەڕای ئەوەی ئەمە لەدیدی ئەمریکاوە هێشتا سەرەتایەکەو پێداچونەوەی لەوە زیاتری پێویستە..بەم دەرئەنجامەش دەکرێ ئاماژەبەوە بکەین کە هەڵپەوهەڵچوونی ناردنە دەرەوەی کالا لە چوارچێوە و قەوارەی خودی پرۆسەی بەجیهانی کردندا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ناکۆکی و ململانێی نێوان دەوڵەتە سەرمایەدارە پەرەسەندوەکان بەشێوەیەکی بەرین لە پەرەگرتندا بێ... دیارە ئەمەش ئەوە دێنێتەوە گۆڕێ کە بە رۆژانە و تەنانەت چرکە بەچرکە چەندان گیروگرفتی بێ وێنەو شڵەقانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتی یەکان و گۆڕانکاری خێراو بنەڕەتی روبدەن و ئەم رەوشە ئاڵۆزە هەنوکەیەی کۆمەڵگانێو دەوڵەتیەکان زیاتر بشێوێنرێت. بەمەرجێ وڵاتە مۆنۆپۆڵە زەبەلاحە گەورەکانیش کەسەرچاوەی ئابوری بەهێزلەژێر دەستیاندایەو چەندان کۆمپانیای گەردوونی هەڵدەسورێنن لە هەمان گرفت وکێشمە کێشدان و نازانن چۆنی مامەڵە لە گەڵ ئەو ئاراستە ستراتیژیەدا بکەن کە ئەمەریکا هەڵسورێنەرێتی .. ئەوەتا ئەوروپا لە هەوڵی پتەوکردنی یەکێتی خۆیەتی بەسەرۆکایەتی ئەڵمانیاو فەرەنسا. بۆ ململانێ و کێبەرکێی راستەقینە لەبەرامبەر ئەمریکا کە خۆی خستۆتە پێشەوەو ئەیەوێ لەپاش هەرەسی بلۆکی رۆژهەڵات دەمراستی و پێشڕەوایەتی جیهان لە ئەستۆ بگرێ چونکە خاوەن گەورەترین هێزی ئابوری و سەربازی جیهان بیە. سەرەڕای ئەوەی کە یابانیش هەمان رۆڵ دەگێڕێ لەبەرامبەر ئەمریکا و ئاڵۆزترین و دژوارترین جەنگی بازرگانی لەنێویاندا درێژەی هەیە و بگرە هەوڵی زۆریش لەلایەن ئەمریکاوە درا بەمەبەستی سەپاندنی گەمارۆی ئابوری یاخود داخستن و کەم کردنەوەی بودجە بازرگانی یەکەی لەگەڵ یاباندا...لەو لاشەوە چین وەك هێزێکی ئابوری گەور لەململانێ و کێشمەکێشدایە و رۆڵێکی پێچەوانەی سیاسی . بەرامبەر بە سیاسەتی تاك جەمسەری جیهانی دەگێرێ. و پەیوەندیەکانی لەنگەڵ روسیاو فەرەنسا و وڵاتانی جیهانی سێ هەم بەرەو گەشەکردن و زیاتر بوون هەنگاوهەڵدەگرێ وهەمیش لە ڕووی ئابوری و بازرگانی کالاوە بازاڕەکانی جیهانی کۆنترۆڵکردوە ، ئەمانەو زۆری تریش بەشێکن لەو گرفت و کێشمە کێشە مەترسی دارانەی ئەمرۆیی کۆمەڵگایی نێودەوڵەتی و ئەمەریکاش ڕابەرایەتی دەکات ودەیەوێ بۆ ئەم مەبەستەش سیاسەتی خۆیی بگۆڕێ وبەجۆرێکی تر کار لە ناوەرۆکی ئەو ستراتیژە بکات . واتا لەم دۆخەدا کە ئەمریکا لە هەوڵی گۆڕینی سیاسەتی خۆی دایە و بەشێك لە هاوپەیمانەکانیشی کار لەسەر پێك هێنانی پێکهاتەیەکی دژایەتی تۆکمە دەکەن و لە ئامادەباشی تەواو دان بۆئەوەی لەمپەر لەسەر رێی ئەو ئاڵوگۆڕەدا دابنێن کە ئەمەریکا وەك ستراتیژکاری لەسەر دەکات و بەفیعلیش واخەریکە سەرەتاکانی ئەولەمپەرە دەردەکەوێ . چونکە ئەو نەیارە زەبەلاحانەی کە ناومان هێنان پێیان وایە لە نوێبونەوە و دیموکراتیزە بوونی ناوچەکەدا بە دەستی ئەمەریکا بۆخۆیی مەترسیەکی گەورەیە و دەرئەنجام قازانجی لە ڕادەبەدەر دەستی ئەمەریکا دەکەوێ هاوکات دژایەتیەکی گەورەشە لەسەر ئەوان و دەبێ رێگری لێبکرێ بۆ ئەمەش بارودۆخی سیاسی و کلتوری ناوچەکە لەم کاتەدا بارودۆخێکی گونجاوە و دەتوانن کاری لەسەر بکەن و

هەوڵەکانیان لەوەدا چڕ بکەنەوە کە وا گروپی نوێ و باڵی بازرگانی نوێ پێك بێنن و لە ڕێگەی ئەوانەوە لەمپەر لەبەردەم پرۆسەکەدا دابنێن . ئەمەش بۆخۆی بەشێکی دانەبڕاوی ئەو هەولآنەیەو نەیارانی پرۆسەکە کاری لە سەر دەکەن و ئاگری ململانێکە خۆش دەکەن بۆبەدیهێنانی مەبەست ومەرامەکانیان کەخۆی لە بەدەست کەوتنی بەرژەوەندی وقازانجی زیاتردا دەبینێتەوە ، لەراستیدا ئەمەش لەسەر ئاستی جیهان پتر کێشەی ئابوری و پەرەگرتنی قازانجەو ولآتە خاوەن سەرمایەکان بۆ خۆیانی قۆرخ دەکەن و دەبێتە ئامرازێك بۆ بەرجەستەکردنی مەرامە ستراتیژیەکانیان و بەم ڕاستیەش ئابوری بازرگانە مۆنۆپۆڵەکان لەنێو پانتای مەرزی سیاسەتدا ڕۆڵ و قورسایی خۆیان هەیەو زۆرجاریش دەبێتە کارتێکەری فاکتەری زاڵ بوون بەسەر سیستەم و هۆکارە بنچینەیەکانی فەرمان ڕەوای کۆمەڵ و لە بەرانبەریشدا بنیات نانەوەی ژیانی مرۆڤایەتی دەکەوێتە مەترسیەوەو هەڵەشەی شێتانەی ناردنەدەرەوەی کالآو تێهەڵکێش کردنی ئابوری جیهانیش لەم پرۆسەی گشتاندنەدا هێندەی تر دەبێتە هۆکارێك بۆ گەشەسەندنی لك و پۆپەکانی ئەو مەترسی یە جیهانی یە و رەنگە ئایندەی مرۆڤایەتی لە گێژاوێکی وەحشیانەی ململانێ و کێشمەکێشی سەرمایەداری دا تووشی گەورەترین کارەساتی تراژیدی ببێتەوە بەوەی هەرلەپاش هەرەسی بلۆکی ڕۆژهەلآت و نەمانی یەکێتی سۆڤیەت . جیهان ئاراستەیەکی دیکەی گرتۆتە بەر بەرەو لەبەریەك هەڵوەشانەوەو پەرش و بلآوبونەوە بەهۆی دارمانی هاوسەنگی ترس و نەمانی ئەو کێبەرکێیەی کە پێشتر هەبوو... دیارە سەردەمانێکە خولیای جیا خوازی و بلآوکردن بوونی هەبوو بەلآم دوو جەمسەری جەڵەوی گرتبوون ئەمرۆش دوپات کردنەوەی شوناس نامەی تایبەتی خۆیان بوونە هۆکارێك بۆ سەرهەڵدانی دەیان شەڕی میللی و نێو خۆی و بگرە هەرێمایەتی ، وەك بە فەرمی ناسینی داگیرکاری عێراق و دەست وەردان لە کاروباری سۆماڵ وئاڵ وگۆڕی دەسەلآت لە ئەفغانستان و چەندین شەڕی نەتەوەیی و مەزهەبی و تەنانەت خێلآیەتی ...و هتد... بۆیە لێکدانەوەی ئەو هەموو رووداو کێشەو گرفتانەی ئاماژەمان پێ کرد زۆر لە جاران روونتر. ئەوەیان ئاشکرا کرد کە سیستەمی سەرمایەداری تا چ رادەیەك خوێنرێژ و ناشەرعی و نامرۆڤانە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤایەتی دا دەکات و دەبێ ئاکامی بەرهەمەکانی ئەو سیستەمەو ئایدۆلۆژیاکەی لەبەرچاو بگرین و لە هەر بڕیارو بەڵێنێکدا متمانەیان پێ نەکرێ . تاخودی سیستەمی سەرمایەداری و پرۆسەی دیموکراتیزەکردنەکەیان هەڵسەنگێنن و سیمای دزێوی روون ببێتەوە ، چونکە ولآتێکی زلهێزی وەك ئەمەریکا چەندەی لەلای ئێمە پەرۆشی دیموکراتیزەکردنی دنیایە دە ئەوەندە بەلای خودی ئەمەریکیەکانەوە دیموکراسیەت مەسەلەیەکی لاوەکیەو گرنگ کۆنترۆڵی بازاڕ و گۆڕینی سێستەمی ئابوریە وەك برێمەر لە یاداشتەکەی دا لە سەر ساڵەکەی لە عێراق ئاماژەی بۆ دەکات ، ئەو دەڵێ پێش داگیرکردنی عێراق ئێمە کارمان لە سەر ئەوە دەکرد چۆن سێستەمی ئابوری عێراق بگۆڕین کە سێستەمێکە پشتی بە سێستەمی ئابوری یەکێتی سۆڤێتی پێشوو بەستوە و لە مومارەسەی ڕۆژانەدا کاری پێدەکرێ ..؟

**بۆ نوسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراوە.**


- احتجاج الدینی و الصراع الطبقي في مصر .. د . رفیق حبیب
- **هەنگاو / گۆڤار. ژ( 1) سەرمایەی مۆنۆپۆلی وگلۆبالیزەکردنی نوێ . ل (8 . 10 .15 )لە وەرگێڕانی غریب شریف.**
- **هزر/گۆڤار . ژ (4 .5 ) خەسڵەتەکانی دەوڵەتی بە جیهانی کراوو. ل (145 .146 ) لە وەرگێڕانی کامیل محمد قەرەداخی .**
- **کۆمەڵگای مۆدیرن . کتێب . نووسینی : ئاسۆ جەبار**